# بۆ هەموو پەنابەرانی عێراقی
# ئازادیخوازانی سویسرا بانگەوازمان دەکەن

**ئەمەی خوارەوە وەرگێڕدراوی دیویکی ئەو کارتەیە کە ڕێکخراوی تۆڕی هاوپشتی ڕۆژهەڵاتی سویسرا کە بنکەکەی لە شاری سەتگالنە، لە شێوەی پۆست کارتێک بڵاوی کردۆتەوە،پێم باش بوو بۆ ئاشنا بوون وئاگاداریتان ،ئێوەش ببینن چۆن ئازادیخوازان لە سویسرا لە پێش ئێمەوە درک بە خەتەری پێشێل کردنی مافی پەنابەری دەکەن،وا من هاوپێچ لە گەڵ ئەم نامەیە پۆست کارتی ناوبراوتان بۆ دەنێرم .**

**[دیوی 1]**

**من داواکارم ببم بە ئەندام لە**

## تۆڕی هاوپشتی ڕۆژهەڵاتی سویسرا

**.چونکە لای من زۆر گرینگە و دەبێ پەناهەندە وەکو مرۆڤ ڕەفتاری لە گەڵدا بکرێت،هەتتا ئەگەر داوای پەناهەندەیی یەکەشی ڕەت کرابێتەوە.**

**.چونکە من دەمەوێت هاوپشتی هەموو ئینسانەکان بم،بە تایبەت ئەوانەی بێ سەرپەناو بێ سفرەن.**

**.چونکە من داواکارم لە دەسەڵاتداران یاسایەکی شایستەی ئینسان ،بۆ پەناهەندە پیادە بکەن**

**.چونکە داخوازی من ئەوەیە تۆڕی هاوپشتی لە لایەن وەزارەتی ناوخۆی سویسراوە کۆمەکی جدی پێ بکرێت.**

**.چونکە داخوازی من ئەوەیە مافی پەناهەندەیی و مافی نیشتەجێ بوون بۆ هەموو ئینسانەکان بە ڕەسمی بناسرێت لە سویسرا.**

**.چونکە من دەمەوێت بەشداری هەر کارێکی هەرەوەزی بم لە گەڵ تۆڕی هاوپشتی.**

**ناو/........**
**ناونیشان/.......**
**پۆستی ئەلیکترۆنی[ئی مەیل]/........**
**ژمارەی تەلەفۆن/...........**

**[دیوی2]**

## تۆڕی هاوپشتی بناسە

له بەرواری 1ی نیسانی ساڵی2004 بە دواوە،هاوکاری و بیمەی کۆمەڵایەتی لەو پەناهەندانە بڕیوەکە داواکارییەکانیان بۆ هاتنە ناو سویسرا ڕەت کراوەتەوە،واتە ئەوانەی ئیجازەی هاتنە ژوورەوەیان نەبێت ،دەبێ بکەونە سەر جادەوئاوارەو بێ سەر پەنا بمێننەوە،ئێمە ئەمە بە هەڕەشەیەکی جددی بۆ سەر حەیاتی ئینسانەکان دەبینین کەبۆ ئێمە قابیلی قبوڵ نییە هەروەها بۆ ئێمە جێ سەرنج و گرنگی پێدانی فەوری بوو،بۆیە ئێمە 32کەس بڕیاری دامەزراندنی ئەم تۆڕەمان دا لە بەرواری 2004/11/6 .

# ئامانجەکانمان

**.ئێمە** هاوپشتی خۆمان بە هەموو شێوەیەک لە گەڵ هەموو بێ سەرپەناکان دەردەبڕین.

**.ئێمە** داواکارین هەموو بێ سەرپەناکان ،وە هەموو ئەوانەی لە باروودۆخێکی سەختدا ژیان بە سەر دەبەن لە سەرپەرشتی و کۆمەکی مالی و تەندروستی پێویست بەهرەمەند بن

**.ئێمە** داواکاری مانەوە،بۆ هەموو بێ سەرپەناکان،وە هەموو ئەوانەی لە بەرامبەر هەڕەشەی دەرکردندا ڕاگیراون.

**.ئێمە** ژەمە خواردنی نیوەڕۆ بە خۆڕایی دەدەین بە هەموو ئەوانەی بێ سەرپەنان لە شاری سەنگالن لە بنکەی کابی.

**.ئێمە** هەموو جەماوەر لە باروودۆخی ناهەمواری پەناهەندە ئاگادار دەکەینەوە.

**.ئێمە** تۆڕی هاوپشتی خۆمان فراوان دەکەینەوە،لە گەڵ لایەنە پەیوەندارە تایبەتەکان و گرووپە هاوشێوەکانی خۆمان.

**.ئێمە**داوای گێڕانەوەی بڕیاری ئیداری [ ] دەکەین ،ئەم بڕیارە کۆمەکی مالی و سۆشیال دەگێڕێتەوەبۆ بۆ پەناهەندەو بێ سەر پەناکان.

**.ئێمە** داواکارین لە دەسەڵاتداران جێگای حەوانەوەی فەوری بۆ هەموو بێ سەرپەناکان دابین بکەن.

**.ئێمە** داواکارین لە دەسەڵاتداران بە پێی بڕگەی 12 ی یاسای [ ] کە ئەمەش یاسای مافی ڕەوای کۆمەکە بە پەناهەندە لە کەمپەکان ،نەک هەر ئەم مافە بگێڕدرێتەوە ،بگرە داوا دەکەین هەموو پەناهەندەیەک وەک مافی سادەی خۆی لێی بەهرەمەند بێت،کە ئێمە ئەوە بەشایستەی هەر ئینسانێک دەزانین لە سویسرا.[کۆتایی پۆست کارتەوەرگێردراوەکە]

## بانگەوازی فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی

بانگەوازی هەموو پەنابەران دەکەین
بانگەوازی هەموو پەنابەرانی بێ وەڵام دەکەین
بانگەوازی هەموو ئەو پەنابەرانە دەکەین کە لە ژێر زوڵمی چاوەڕوانیدا دیل کراون....

**بانگەوازی هەمووتان دەکەین لەم وەزعە مەینەتبارە لە دەوری یەکتر کۆبینەوە،لە گەڵ هەموو جیاوازییەکانماندا لە دەوری ئامانجی دەربازبوونمان لەم وەزعە ناهەموارە دریغی نەکەین و ئەم فرسەتە زێڕینە بقۆزینەوە بۆ گەورەترین خۆپیشاندان لە بەردەم [بی.ئێف.ئێف].**

**لێرەوە بانگەوازتان دەکەین،بێن و کۆمەکمان بکەن ،ببینن کە ئێمە تەنها نین،ببینن ئەوەتانێ ئازادیخوازان و ئینسان دۆستان زۆرن، وە هێزێکی فراوانن لە ناو کۆمەڵگەی سویسری ئەوە ئەوانن بانگەوازی ئێمە دەکەن .**
**فدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی ،کە ئەندامی تۆری هاوپشتی یە بانگەوازتان دەکات کە بێن و بە ڕیزی خۆپیشاندانەکانمانەوە پەیوەست بن ڕۆژی هەینی ڕێککەوتی** 2005/6/10**لە شاری بێرن،بۆ بەردەم دائیرەی پەنابەران[بی.ئێف.ئێف].**
**هەر لێرەوە بانگەوازی هەمووئەو پەنابەرانەدەکەین کە تاکوو ئێستا بێ وەڵامن،یان ڕەفزیان هەیە،یان لە ژێرفشاری ترسی ناردنەوەدان،یان لەسەرکار دەرکراون،یان هەرجۆرەگرفتێکیان هەیە بێن پەیوەست بن بە ڕیزی بەرینی ئێمەوە،بێن و بۆ ئەو ڕۆژە پشتمان بگرن ،پشتی یەکتری بگرین تەنها ڕۆژێکی هاوپشتی ئێوە چارەنوسی هەموو ژیانی ئێمە دەگۆڕێت ،بە هیوای کۆمەکی ئێوەین.هەروەهابانگەوازی هەموو جالییەی کوردی و عێراقی تێکڕا دەکەین لەو ڕۆژەدا بەدەنگمانەوە بێن،تکامان وایە قۆڵی ئینسان دۆستی لێ هەڵماڵن و بە بەشداری خۆتان و خاوخێزانەکانتان بگەنە فریای ئەو خێزانانەی کەچاوەڕوانی هیممەتی ئێوەن،کۆمەکی تەنها ڕۆژێکی ئێوەی بەڕێز بە ڕاستی چارەنووسی هەموو ژیانی ئێمە دەگۆڕێت.**
**بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارە تەلە فۆنانە**

**فازڵ عوسمان**0797266974
**جلال خفاف**0787433008
**سەردار چاوشین**0763777466
**هەربەڕێزێک دەیەوێت بەشدار بێت لە خۆپیشاندانەکەی بێرن ،هەر ئێستا ئاگادارمان بکاتەوە ،جونکە ئەوە زۆر کۆمەکمان دەکات لە مەسەلە ی دابین کردنی ئامرازی هاتووچۆ.**
**بۆ ئەم مەبەستە فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی کۆبونەوەیەک لە بنکەی کابی لە شاری سەنگالن دەبەستێت بۆهەموو پەنابەرانی عێراقی بەم شێوەی خوارەوە:**
**ڕۆژی شەممە ڕێککەوتی** 2005/5/28
**کاتژمێر:** 4**ی پاش نیوەڕۆ.**

## فدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی /سەنگالن
2005/5/20